
## بە تۆمەتی سوکایەتیکردن بە شەهیدان و بڵاوکردنەوەی دووبەرەکی تایفەگەری سکاڵا یەکی یاسایی لەسەر عەدای غەریری تۆمارکرا



دەزگای شەهیدان ئەمڕۆ سێشەممە ڕایگەیاند کە سکاڵای یاسایان لەسەر عەدای غەریری کەسایەتی ئایینی تۆمار کردووە و تۆمەتباری کردوون بە سووکایەتیکردن بە شەهیدان و هاندانی ململانێی تایفەگەری.

بەپێی سکاڵانامەیەکی دەزگاکە کە دەستی موتەڵع کەوتووە،تیایدا هاتووە:"سکاڵا لەسەر کراو(عەدای غەریری)لەسەر یەکێک لەکەناڵەکانی تەلەفزیۆن دەرکەوتووە،ولەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتیـ(فەیسبوک) بڵاوکراوەتەوە،هەستاوە بەسووکایەتیکردن بەشەهیدانی عێراق وبڵاوکردنەوەی دووبەرەکی لەنێوان شەهیدانی تایفەیەکی عێراق وشەهیدانی حەشدی شەعبی وشەهیدانی سوپای عێراق و،ورووژاندنی تایفەگەری.